ئەگەر سەبارەتی بە تاعون بیستتان لە شوێنیکدا؛ ئەوا مەچن بۆ ئەو شوێنە، وئەگەر لە شوێنێکدا تەشەنەی کرد وئێوەش لەوێ بووون؛ ئەوا لەو شوێنە دەرمەچن.

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر سەبارەتی بە (تەشەنە کردنی) تاعون بیستتان لە شوێنیکدا؛ ئەوا مەچن بۆ ئەو شوێنە، وئەگەر لە شوێنێکدا تەشەنەی کرد وئێوەش لەوێ بووون؛ ئەوا لەو شوێنە دەرمەچن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەگەر بەڵایەک دابەزی بۆ سەر زەوییەک ئەوا نابێت مرۆڤ بڕوات بۆ ئەو شوێنە ئەمیش بۆ پاراستنی تەندروستی خۆی وخەڵکی تر، وئەگەر نەخۆشی لە شوێنێکدا تەشەنەی کرد وئەو کەسە لەوێ بوو ئەوا نابێت لەوێ دەربچێت ودەبێت ئارام بگرێت لەسەر قەزا وقەدەری خوای گەورە بۆئەوەی پاداشتی بۆ بنووسرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5737